# خۆشباوەڕی، لەتایبەتمەندییە خراپەکانی ئێمەی کورد

## بەختیاری شەمەیی

ئەوە ڕاستییەکی نکوڵیلێنەکراوە کە ئێمەی کورد لەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆرێتیی ماددەوە هەتا ئێستا وەک نەتەوە، نەخۆمان وەک نەتەوەیەکی ئازاد و نە کوردستانەکەیشمان وەک نیشتمانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو نەبینیوەتەوە و لەو سەردەمانەوە هەتا ئەمڕۆ لە سەنگەر و هەڵوێستی بەرگری لەخۆکردن و جەنگ و شەڕ و بەربەرەکانێ و ململانێی مان و نەماندایین. لێرەدا بۆ کورتکردنەوەی ڕێگای دوور، دەڵێین: مەبەستەکە و پرسیارەکە لەم وشانەدا ئەمەیە: بۆچی بەدرێژایی ئەو مێژووە نەبووە و نەمانبینیوە کە چەند کۆڕ و کۆمەڵ و پارت و یانە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنێک، چەند ڕامیاریزان و یاریزان و سەماکار نووسەر و ڕۆشنبیر و هۆزانڤان و شانۆکار و کۆمەڵناس و گۆرانیبێژێکی نەتەوە دراوسێکانمان لە فارس و عەرەب و تورک، هەڵوێستێکی مرۆڤپەروەرانە و هاوئایینیانەو دراوسێیانەیان بەرامبەر ئەو هەموو شەڕ و کوشتار و ماڵوێرانی و سەرگەردانی و ستەملێکراوییەی کە دەسەڵاتدارە داگیرکەر و ڕەگەزپەرست و تاڵانچییەکانی ئەو نەتەوانەو ئەو دەوڵەتەداگیرکەرانەی کوردستان بەسەر ئێمەی کورد دا هێناویانە، هەبێت. هیچ کەس و کۆڕ و کۆمەڵێکیانمان نەبینی و لێمان نەبیستن کە بەتەنها بەیاننامەیەک، هۆنراوەیەک یان گۆرانیەک، یان بە نامەیەک، هەستی دراوسێیانە و مرۆڤپەروەرانەی خۆیان بۆ ئێمەی کورد دەرببڕن و لەو  ماڵوێرانی و ئازار و ستەم و کارەساتانەدا هاوسۆز و هاوخەممانبن. بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ئەم هەلومەرج و نیمچە ئازادییەی کە لەباشووری کوردستاندا بەدەستمان هێناوە یان باشترە بڵێین ئەم ئازادییەی ئێستا بوونی هەیە، دەبینین دەیان کەس و بەناو دۆستی کورد لە شێوەی ڕامیاریزان و یاریزان و سەماکار و گۆرانیبێژ و شانۆکار و نووسەر و ڕۆشنبیرمان لێ پەیدابوون کە گوایەدۆستی ئێمەی کوردن، ئەی پێشتر ئەمانە لەکوێ بوون و بۆ هیچ هەڵوێستێکی مرۆڤانە و دراوسێیانەیان بەرامبەر ئەو هەموو رابوردووە پڕ لە کارەساتانەماندا نەبووە. ئەی ئەمڕۆ بۆ بوونەتەگوایەدۆستمان و گۆرانیشمان بۆ دەڵێن. لەڕاستیدا وەڵامەکەی ڕوون و ئاشکرایە، ئەمڕۆ دۆستایەتی کردنی کوردی باشوور و باشووری کوردستان، بەرژەوەندیی تایبەتی و پارەی زۆری تێدایە. بەلێشاو ئاهەنگ و فیستڤاڵ و  بۆنەی جۆراوجۆر بۆ ئەو تازەدۆستانە ساز دەکرێن و بانگهێشتنی باشووری کوردستان دەکرێن. پارەی زۆریان تێدا بەخەرج دەرێن و پارەی زۆریان دەدرێتێ، لەباشترین هۆتێل و شوێنی مانەوەدا خزمەت دەکرێن. ئیمتیازی کارکردن و کۆمپانیا کردنەوەیان دەدرێتێ، بەلێشاو دێن و زەوی و خانوو و شوقە دەکڕن یان ئەوانەیشیان هەر بە دیاری دەدرێتێ، لەزانکۆکاندا دادەمەزرێنرێن و بۆیان هەیە بەخۆرایی

بخوێنن.خوێندن بەخۆرایی. لەلایەن دەسـەڵاتی کوردی یان پارتە کوردییەکان یان سـەرۆک و بەرپرسـەکانەوە هەمـوو پێداویسـتییەکیان بۆ دابین دەکرێت، بەڵام زۆربەی پێشمەرگە دێرینەکان، رۆڵە ئازاکان و شـۆرشـگێرەکانی رۆژانی سـەخت و تەنگانە، زۆربەی رۆشـنبیران و نووسـەران و گۆرانیبێژەدڵسـۆزەکانی خۆیشـمان بەهەژاری و نەداری و هەناسـەساردییەوە سـەردەنێنەوە و کەس لێیان ناپرسـیتەوە. هەر بۆنموونە، هونەرمەندێکی گەورەی میللیی وەکو ئەحمەد شـەماڵی نەمر، هەتا بەهەژاری بێ خانە و لانەیی کۆچی دوایی نەکرد، کەس باسـی نەکرد و کەس لێی نەپرسـییەوە. هونەرمەندێکی دیکەی میللی، خوالێخۆشـبوو سـەڵاح داودە بە هەژاری و بێ خانەو لانەیی سـەری نایەوە و کەس لێی نەپرسـییەوە. هونەرمەندیکی میللیی و یەکێ لە پێشمەرگە ئازا و دڵسـۆزەکانی کورد و کوردسـتان، نەمر و گیانپاک، ئیبراهیم سـەعید، ناسـراو بە بلەی سـەعە کەڕ، لە ژوورێکی داروخاوی کرێچێتیدا، لە بێکەسـی و هەژاریدا، پاش چەند رۆژێک لە گیان دەرچوونی، ئینجا بە مردنەکەیزانرا ..... !؟. ئەمەئازادی و دیمۆکراسـییە، یان ئەمە شـەرم و شـەرمەزارییەبۆ ئەمڕۆی کۆمەڵگەکەمان!؟ ئێسـتاش بە سـەدان پێشـمەرگەی دێرین و زیندانیی رامیاری و بریندار و کەمئەندام و پەککەوتەی کارەساتەکانی شـۆرش، ئێسـتاش بە سـەدان هونەرمەند و شـانۆکار و نووسـەر و رۆشـنبیری هەڵکەوتوو و دڵسـۆزمان هەن کە بە هەژاری و نەداری دەژین و کەس لێیان ناپرسـێتەوە و ئاورێکی هاوکاری کردنیان لێ نادرێتەوە. نموونەکان زۆر زۆرن و ئەگەر بەدوایدا بڕۆین، وەک دەڵێن ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشـت و ئەم نووسـینەش زۆر درێژ دەبێتەوە.

بەداخەوە کەسـانی خۆشـباوەڕ و سـادەو سـاکار، لەتێگەیشـتن و بیرکردنەوەدا، لەناو میللەتی ئێمەدا زۆر زۆرن. ئێسـتا لە راگەیاندنەکاندا باو باوی ئەوەیەکە خانمە گۆرانیبێژێکی عەرەب گۆرانییەکی بۆ کورد چڕیوە!؟ ئێ ئینجا چییە!؟ خۆ ئەمە پەرجوو / موعجیزە نییە. ئەی ئەو خانمەبەڕێزە بۆچی لەکاتی ئەنفالکردنی کورد و وێرانکردن و سـوتماک کردنی کورد و کوردسـتاندا ئێمەی کوردی لەبیر نەبوو!؟ خۆ کەس دەسـتی نەگرتبوو. ئەنفال کردنی کورد و وێران کردنی کوردسـتان لای کەس شـاراوە نەبوو!؟ ئەی بۆ نووسـەر و رۆشـنبیر و گۆرانیبێژ و کەسێکی ناوداری ئەو نەتەوە دراوسـێیانەمان نەبینی تەنها وشـەیەکمان بەباشـە بۆ بنووسـن، گۆرانییەکمان بۆ بڵێن، هەڵوێسـتێکی مرۆڤپەروەرانەمان نیشـان بدەن!؟ مەسـەلەکە ئەمەیەکە ئەمڕۆ ئەم دۆسـتایەتی کردن و گۆرانی بۆ کورد وتنانە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتییە و پارەی موفت و زۆر و زەوەندەی تێدایە. ئێمەی کوردیش، زۆربەمان ئەوەندە خۆشـباوەڕ و سـادەو سـاکارین دڵمان بەو گۆرانی و دۆسـتایەتییەتازەبابەتەی ئەو گۆرانی بێژە خۆپەرسـت و بەرژەوەند پەرسـتانەخۆشـە.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین: ئاخۆ رۆژێک دێت کە ئێمەی کوردیش وەکو نەتەوەئازاد و پێشـکەوتووەکانی دیکە لە خۆمان و لە ژیان و لە بەرژەوەندی و دۆسـت و دۆسـتایەتیی راسـتینە

تێبگەین!؟ بەخۆمان و بەمێژووماندا بچینەوە و بزانین و تێبگەین بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانیمان لەچیدایە و دۆستان و دوژمنانمان کێن و کێنین!؟..... بەهیوای ئەو رۆژە.

**ئەمستەردام - ۰۹-۰۳-۲۰۱۳**